**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

## بــڕیــار

**ژمارە (7)ی ساڵی 2014**

**بڕیاری هەموارکردنی هەشتەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە (1)ی ساڵی 1992**

**پشت بە حوکمەکانی ماددەی (94) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە(1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ، پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(5)ی رۆژی2014/5/20ی بڕیاریدا بە :-**

**ماددەی یەکەم :**

**ماددەی(38)ی سی وهەشتەمی هەموارکراوی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :**

**یەکەم : تایبەتمەندی لیژنەکان :**

**1-هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی پرۆژە یاسا و پێشنیاری پرۆژە یاسا کە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیەتی لیژنەکە و دەربڕینی بیرورای خۆی لەسەری و ، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بۆی هەواڵە دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە .**

**2-هەر لیژنەیەك بەدواداچوون وچاودێری و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ رەوشی کاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی .**

**دووەم : لیژنە هەمیشەییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێن :**

**1- لیژنەی کاروباری یاسایی .**

**2- لیژنەی داراییی وکاروباری ئابووری و ، وەبەرهێنان .**

**3- لیژنەی ناوخۆ وئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان .**

4- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان .

5- لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت .

6- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .

7- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە .

8- لیژنەی کاروباری کۆمەلآیەتی و منداڵ و خێزان .

9- لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن .

10- لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی .

11- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی .

12- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی .

13- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ .

14- لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان .

15- لیژنەی ئاسەوار و ، خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار .

16- لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر .

17- لیژنەی وەرزش و لاوان .

18- لیژنەی دەسپاکی ( نەزاهەت )

19- لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی .

20- لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر .

21- لیژنەی کاروباری پەرلەمان .

22- لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم .

**ماددەی دووەم :**

**کار دەکرێت بەم هەموارکردنە لە رۆژی دەرچوونیەوە و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا بلأودەکرێتەوە .**

**یوسف محمد صادق**

**سـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە** 1256/4/3 **لە** 2014/6/10

**بـەیـان**

**پشت بە حوکمی مادده (8)ی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 1999 یاسای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) و ، لەبەر ئەوەی هەڵەی چاپ لە کوردی وعەرەبی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2014 (یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1) ساڵی 2005 هەموارکراو ) ، بۆیە بە پێویست زانرا هەڵەکان راست بکرێنەوە و، دەقەکان بەم شێوەی خوارەوە بخوێندرێتەوە :-**

**1- ماددەی یەکەمی یاساکە بە کوردی بەم شێوەی خوارەوەیە:**

**بڕگەی (دوازدەیەم ) لە ماددەی (دەیەم)ی ئەم یاسایە هەمواردەکرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:-**

**پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ،کاندید بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری لە ماوەیەکدا کە لە (30) رۆژ تێپەڕنەکات .**

**2- ماددەی یەکەمی یاساکە بە عەرەبی بەم شێوەی خوارەوەیە:**

**تعدل الفقرة (الثانية عشر) من المادة (العاشرة) من القانون ،وتقرأ كالآتي :**

**بعد تسميته من قبل برلمان كوردستان ، يكلف المرشح لرئيس مجلس الوزراء بتشكيل الوزارة في مدة لاتتجاوز (30) ثلاثين يوماً**

**3- ( الاسباب الموجبة ) بەم شێوەی خوارەوەیە :**

**تماشياً مع متطلبات النظام السياسي ، الديمقراطي البرلماني ، فقد شرع هذا القانون .**